# شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ و کاریگەری لەسەر کەسێتییان

## توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

د. باخان احمد محمد

Bakhan.mohammed@univsul.edu.iq

بەشی کۆمەڵناسی،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی،سلێمانی،هەرێمی کوردستان،عێراق

ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕەزامەندی توێژینەوە: ٢٠٢٤/٤/١٥

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەشیکردنەوەی شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ و کاریگەری لەسەر کەسێتییان- توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە لە شاری سلێمانی، بەو پێیەی پەروەردەکردن یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی دنیای ئەمڕۆمان و ئامرازێکی کاریگەرە بۆ گۆڕانکاریی و پەرەپێدانی کەسایەتی منداڵ،هەروەها ڕێگایەکە بۆ پاراستنی بەهاو پێوەرەکانی کۆمەڵگە و پێداویستییەکی سەرەکیشە بۆ گەشەی منداڵ بۆیە گرنگی دان بەشێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ بابەتێکی گرنگی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە،هەروەها پەروەردەکردنی منداڵ هەستیارترین پرۆسەی دروستکردن و پێگەیاندنی منداڵە کە پێویستی بە تواناو لێهاتوویەکی بەرز هەیە لەبەر ئەوەی قۆناغی منداڵی گرنگترین قۆناغە لە ژیانی مرۆڤدا.لە وڵاتانی پێشکەوتودا لە بارترین زەمینەی دەروونی و زۆرترین توانای مادی و مرۆیی بۆ ئەو پرۆسەیە ئامادەکراوە،هەروەها لەبەرچاوگرتنی توانی زەینی و جەستەیی و باری دەروونی لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵدا مەرجی سەرەکین لە سەرکەوتنی پرۆسەکەو دواجار بونیادنانی کەسێتییەکی بیرکەرەوەو داهێنەرو بەرهەمهێن. ،لە ڕوانگەی ئەم ڕاستییەوە لەبەر ڕۆشنایی گرنگی بابەتەکە بە پێویستمان زانی کە توێژینەوە لەسەر شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ بکەین بۆ دەرخستنی گرنگترین ئەو شێوازانە و کاریگەرییان لەسەر کەسێتی منداڵ.

لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە هەوڵدان بۆئەنجامدانی شیکارییەکی تیۆری سەبارەت بە شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵان و هەروەها هەوڵدان بۆ خستنەڕووی گرنگترین بوارو بنەماو هەنگاوەکانی پەروەردەکردنی منداڵان و خستنەڕووی کاریگەری شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردن لەسەر کەسێتی منداڵ.

لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتییە لە بەکارهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردن کاریگەری لەسەر کەسێتی منداڵ دروست دەکات،چونکە پەروەردەی تەندروست بەبەکارهێنانی شێوازە جیاوازەکان دەتوانیت بەهای زیادە بۆ منداڵ دابین بکات و دەبێتە هۆکاری یارمەتیدەر بۆ ڕێنماییکردنی دایکان و باوکان لەبەجێهێنانی ئەرکی پەروەردەیی خۆیاندا،وە ئەمەش یارمەتی منداڵ دەدات بۆ هەستکردنیان بە سەربەخۆیی و متمانەبەخۆبونیان و کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کەسێتییان.

کلیلە ووشەکان ( پەروەردەکردن ، منداڵ ، پەروەردەکردنی منداڵ ، کاریگەری ، کەسێتی )

**پێشەکی :**

پەروەردەکردنی منداڵ ئەو پرۆسەیەیە کە پەیوەندی بە ئامادەکردنی منداڵەوە هەیە بۆ ژیانی داهاتوو،وە ئەم ئامادەکارییەش لە یەکەم ساتەکانی ژیانی منداڵەوە دەست پێدەکات لەلایەن خێزانەوە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەشداری دەکات لە بنیادنانی کەسێتی منداڵ و ئاڕاستەکردنی ڕەفتارەکانی،چونکە نوێنەرایەتی چاودێریکردنی هەموو ئەو ڕەفتارانە دەکات کە منداڵ ئەنجامی دەدات.هەربۆیە پراکتیزەکردنی شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردن کاریگەری گەورەو سەرەکی هەیە لەسەر کەسێتی منداڵ،وە ئەم شێوازانە لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دیکە جیاوازەو بە پێی ئاڕاستەو بیروباوەڕو هزرو تایبەتمەندی دایک و باوکەکان، هەر ئەمەش هۆکار بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و تیشک خستنەسەر شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ و کاریگەری لەسەر کەسێتییان چونکە پەروەردەکردنی منداڵ و گرنگیدان بە شێوازە جۆراوجۆرەکان کاری لە پێشینەی دایکان و باوکانە،بۆیە پێویستە زۆر بە گرنگییەوە بڕواننە شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان،چونکە پەروەردەکردنی ئێستای منداڵ بناغەی کەسێتی و ڕەفتارو خورەوشتەکانییەتی لە داهاتوودا،لەم توێژینەوەیەدا بە پشت بەستن بە شیکردنەوەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردن کاریگەری ئەو شێوازانە دەخەینەڕوو لەسەر کەسێتی منداڵ.

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە پێکدێت لە پێنج باس،لە باسی یەکەمدا ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو کە بریتین لە کێشەو گرنگی و ئامانج و میتۆدی توێژینەوەکە،لە باسی دووەمدا پێناسەی چەمک و زاراوەکان خراوەتە ڕوو کە بریتین لە ( پەروەردەکردن،منداڵ،پەروەردەکردنی منداڵ،کاریگەری،کەسێتی)،لە باسی سێیەمیشدا شیکردنەوەی بوارو بنەماو هەنگاوەکانی پەروەردەکردنی منداڵان خراوەتە ڕوو،لە باسی پێنجەمیشدا ئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیار خراوەتەڕوو لە کۆتایشدا ئاماژە بەسەرچاوەکان دراوە.

**باسی یەکەم:ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم:کێشەی توێژینەوەکە**

کێشەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ، کە چۆن لەڕێگەی شێوازە جۆراوجۆرەکانەوە کاریگەری لەسەر کەسێتی منداڵ دروست بکەین، چۆن کەسێتی بەهێز بۆ منداڵ بنیاد بنێین لە پێناو ئەوەی لە داهاتوودا پشت بە خودی خۆیان ببەستن لەگەڵ ئەوەشدا شێوازەکانی پەروەردەکردن وەک هۆکارێکی سەرەکی بێت لەسەر پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ و تابتوانێت ببێتە تاکێکی کاراو چالاک و بەهێز و بەشدار لەسەرجەم کایەو بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا.

چونکە پەروەردەکردنی منداڵ بابەتێکی سەرەکییە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت .لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە پشت بەستن بە شیکردنەوەی زانستی و ئەو سەرچاوە زانستییانەی کە بەکار هاتوون شیکارێکی تیۆری بۆ شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ بکەین وەک بابەتێکی کۆمەڵایەتی لەبارەیەوە بدوێین و بوار و بنەماو هەنگاو وشێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردن و کاریگەری لەسەر کەسێتی منداڵ بخەینەڕوو بۆ ئەوەی کێشەی توێژینەوەکە بەدەربخات.

لەم ڕوانگەیەشەوە کێشەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ،کە ئایا چۆن بتوانین بەبەکارهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردن کاریگەری لەسەر کەسێتی منداڵ دروست بکەین و کەسایەتییان بەهێز بکەین لە پێناو پشت بەستن بەخودی خۆیان.

**دووەم:گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردنی منداڵ دەکۆڵێتەوە بۆ خستنەڕووی کاریگەری ئەم شێوازانە لەسەر کەسێتی منداڵ،چونکە منداڵ یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە و ڕۆڵێکی کاریگەری و کارای لە پرۆسەی گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدا هەیە،هەربۆیە پێویستە گرنگی بە خستنەڕووی ئەم شێوازە جیاوازانە بدرێت .

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێ گرنگی هەیە لەوانە :

١-ئەم توێژینەوەیە گرنگی دەدات بە شیکردنەوەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردنی منداڵ.

٢-گرنگی دەدات بە دەرخستن و شیکارکردنی بوار و بنەماو هەنگاوەکانی پەروەردەکردنی منداڵ.

٣-گرنگی تیۆری هەیە بەو پێیەی توێژینەوەکە تیۆرییە بە پشت بەستن بەسەرچاوە زانستییەکان کە لەسەر شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ هەیە.

**سێیەم:ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

١ هەوڵدان بۆئەنجامدانی شیکارییەکی تیۆری سەبارەت بە شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ.

٢-هەوڵدان بۆ خستنەڕووی گرنگترین بوارو و بنەماو هەنگاوەکانی پەروەردەکردنی منداڵ.

٣- خستنەڕووی کاریگەری شێوازە جۆراوجۆرەکان لەسەر کەسێتی منداڵ.

**چوارەم:میتۆدی توێژینەوەکە**

مەبەست لە دیاریکردنی چوارچێوەی میتۆدی بۆ توێژینەوە زانستییەکان کێشانی چوارچێوەیەکی زانستیانەیە بۆ بابەتی توێژینەوەکە لەلایەن توێژەوە،بەمەبەستی تێگەیشتن و گەڕانی زیاتر بە دوای ئەو ڕاستییانەی کە پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە.(حسن،١٩٨٢ : ٢٠٤)واتە میتۆد شیکردنەوەیەکی ڕێکخراوە بۆ بنەماو پرۆسە عەقڵی و ئەزمونگەرییەکان لە توێژینەوە زانستییەکاندا لە پێناو بەدەستهێنانی ئەنجامی زانستیدا.(العسکری،٢٠٠٤ : ١)،لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکمان بەکارهێناوە بۆ شیکارکردنی شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ بەو پێیەی توێژینەوەکە تیۆرییە.بەکارهێنانی ئەم میتۆدە پێویستییەکی زانستی و ئەکادیمییە بۆ بابەتی توێژینەوەکە.

**باسی دووەم:پێناسەکردنی چەمک و زاراوە زانستییەکان**

دەستپێک

پێناسەکردنی چەمکەکان کارێکی گرنگە لە توێژینەوەی زانستیدا،چونکە مەبەستی توێژەر دیاری دەکات لەو چوارچێوە زانستییەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدات،بۆیە هەوڵمانداوە چەمکەکان پێناسە بکەین تا لە ڕێگەیانەوە ئەو بابەتانە دیاری بکەین کە دەمانەوێت کاری لەسەر بکەین،چەمکەکانیش بریتین لە:

( پەروەردەکردن ، منداڵ ، پەروەردەکردنی منداڵ ، کاریگەری ، کەسێتی )

یەکەم: پەروەردەکردن ( التربية) **Education**

پێناسەی زمانەوانی بۆ پەروەردەکردن: لەرووی زمانەوانییەوە پەروەردەکردن بەواتای گەشەکردن و زیادکردن و پەرەسەندن دێت.(منضور،١٩٩٩، ص٣٠٤)

پێناسەی محرم : هەوڵێکی مەبەستدارە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات،لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراودا.(محرم،بدون سنة، ص١٤)

پێناسەی مغلی و سلامة و رداحة: ئەو پرۆسە گشتییەیە کە تاک لە ڕێگەیەوە ئاراستە دەکرێت بۆ پەرەپێدانی کەسایەتی و ڕەفتارەکانی و بناغەیەکی سەرەکییە لە بونیادنانی کەسێتیدا.(مغلي و سلامة و رداحة،٢٠٠٢، ص١٥ )

پێناسەی ڕێکاری بۆ پەروەردەکردن: واتە دروستکردن و بونیادنانی کەسێتی منداڵ هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە و بەهێزکردنی تواناکانیان و بەرەو پێشبردنیان تا بتوانن پشت بە خۆیان ببەستێت.

**دووەم:منداڵ (الطفل) Child**

پێناسەی یونیسیف: (منداڵ-کچ-کوڕ) ئەو مرۆڤەیە کە تەمەنی لە ١٨ ساڵ تێ نەپەڕیێت،مەگەر یاسای وڵاتەکەی تەمەنێکی کەی بۆ دیاریکردبێت.(یونیسیف،١٩٩٠،ص٥٧).
پێناسەی گیدنز:یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەو،قۆناغی منداڵی قۆناغێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤداو بەلاپەڕەیەکی سپی دادەنرێت،جونکە لەم قۆناغەدا منداڵ وردە وردە عەقڵی گەشە دەکات و لە ڕووی مەعریفییەوە کلتورو بەهاکانی ناو خێزان و کۆمەڵگە دەبینێت.(گیدنز،٢٠٠٣، ل١٠٦).

پێناسەی لیلة:یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ و قەوارەیەکی مرۆیی دروست و تەواوە و ئەزمونەکانی سنوردارە و لە زۆر ڕووەوە پشت بە کەسانی دەوروبەری دەبەستێت،تاوەکو بە شێوەیەکی ئۆرگانی و کارایی گەشە دەکات.(ليلة،٢٠٠٦، ص٧).

پێناسەی ڕێکاری بۆ منداڵ: منداڵ یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە،کە لە ڕێگەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردنەوە دەتوانرێت کاریگەری ئەرێنی دروست بکرێت لەسەر کەسایەتییان.

**سێیەم:پەروەردەکردنی منداڵ (التربية الطفل) Child Rearing**

پێناسەی ناجی:واتە بەخێوکردن و پێگەیاندن و گەشەکردنی منداڵ،بە پێی فەلسەفە و تیۆروانینی پەروەردەکارانیش ماناکەی دەگۆڕێت،هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا ئەستەمە بتوانین لەسەر یەک شێواز پەروەردەکردن ڕێکبکەوین کە بۆ هەموو

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

منداڵەکان و هەموو کۆمەڵگەکان گونجاو بێت،بەڵکو لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکەو لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت.(ناجی،٢٠٢١،ص٨-٩).

پێناسەی محمد:واتە پێگەیانی منداڵ لەسەربەهاو بنەمایەکی دروست کە منداڵ پێی گەورە دەبێت.(محمد،٢٠١٥،ص١٤)

پێناسەی صحراوی:بەمانای پەرەپێدان و چەسپاندنی بەهاکان و ئەو دەستکەوت و لێهاتووییانە دێت کە تاک(منداڵ)خاوەنیەتی لە ڕێگەی شێوازە جۆراوجۆرەکانەوە،بۆ ئەوەی ئەو منداڵە بناغەیەکی تۆکمەی هەبێت لە کارامەیی و بەهاکاندا کە لە ژیانی تایبەتی و گشتیدا بەکاری دەهێنێت.(صحراوی،٢٠١٥،ص٢٧٩).

پێناسەی معطرانی:بریتییە لە پرۆسەی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ لە لەدایک بونیەوە تا تەمەنی گەورەیی،هەروەها دابینکردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی کە بریتین لە گەشەکردنی جەستەیی،دەرونی،هزری،دابینکردنی سەلامەتی و پاراستن.(معطرانی،٢٠٢٢،ص٢)

پێناسەی ڕێکاری:بریتییە لە پرۆسەی پێگەیاندی منداڵ و دابینکردنی دەرفەتی گونجاو بۆ گەشەکردنی لە هەموو لایەنەکانی جەستەیی و دەرونی و سۆزاداری و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی باشترین شێوازە جۆراوجۆرەکان بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەر کەسێتییان تا بتوانن پراکتیزەی فۆرمەجیاوازەکانی ڕەفتار بکەن بەمەبەستی خۆگونجاندنیان لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

**چوارەم:کاریگەری (التأثیر) Influence**

پێناسەی عبدالعزیز:دیاردەیەکی دیاریکراوە لەو بارودۆخەی کە گۆڕان لە سروشت و هەڵسوکەوت و کەسێتی تاک دەکات،بەشێوەیەکی کاتیی یان بەردەوام لەماوەی چەند کاتێکی دیاریکراودا،بەشێوەیەکی باش بێت یان خراپ،وەلە ژێر کاریگەری بارودۆخێکی دیاریکراودا بەپێی هەست و ویست و تواناو هێز،مرۆڤ ئەو بونەوەرەیە کە کاریگەری لەسەرە لە کاتی جیاجیاوە لەسەر پرکردنەوەو هەڵوێست و هەڵسوکەوتت و ڕەوشتی.(عزت،١٩٠٩، ٥٩).

پێناسەی مارشال:کاریگەری بەشێوەی نێگەتیف یان پۆزەتیف دەردەکەوێت بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی هەیە بە شێوزای ژیان و بواری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەوە.(مارشال،٢٠٠٠، ٣٢٣)

پێناسەی بوریکو:بریتیە لە جۆرێک لە کار لە ڕێگەی کارتێکەرێکەوە بە شێوەیەکی چالاک پیادە دەکرێت.(بوریکو،١٩٨٦، ١٨)

پێناسەی ڕێکاری بۆ کاریگەری:ئەو شوینەوارەیە کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردن و دەرئەنجامەکانی لەسەر کەسێتی منداڵ دایدەنێت چ باش بێت یان خراپ.

**پێنجەم:کەسێتی (الشخصیة) Personality**

پێناسەی القاسم:بریتییە لە شێوازی بیرکردنەوە،هەستکردن ورەفتارکردن کەوا دەکات کەسێک لەوانی تر جیاواز بێت،کەسێتی بە ئەزموون و ژینگەی دەوروبەرو باری ژیان و بۆماوە کاری تێدەکرێت و دروست دەبێت.(القاسم ،٢٠٠١، ص١٣٤)

پێناسەی الوردی:بریتیە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاکەرەوەی تاکەکان.(الوردی١٩٩٦، ص٣٣)

پێناسەی الجسمانی:بریتییە لە سستمیکی دینامیکی ناوەکی دەروون و جەستەیی،کە ڕەفتارو بیرکردنەوەی منداڵ دەست نیشان دەکات.(الجسمانی،١٩٨٤، ص٢٢٤)

پێناسەی موحسینی:بریتییە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کە خۆی لە (زمان و نەریت و بەهاکان و ئاین و زانست و ئایدۆلۆژیا و پەروەردەو فێرکردن)دەبینێتەوە.(موحسینی،٢٠٠٧، ل٣٧٢-٣٧٣).

پێناسەی ڕێکاری بۆ کەسێتی: بریتییە لە هەموو ئەو ڕەفتارو هەڵسوکەوت و مامەڵەو چالاکی و کاردانەوەیەی کە منداڵ ئەنجامی دەدات ئەم کۆمەڵە ڕەفتارو خەسڵەتە دیاریکراوش منداڵێکی لە منداڵێکی دیکە پێ جیادەکرێتەوە،کە هۆکارە بۆماوەیی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و ئەو بارودۆخەی کە منداڵەکەی تیادا دەژی کاریگەری هەیە لەسەر بونیادی کەسێتی منداڵ.

**باسی سێیەم:شیکردنەوەی بوارو بنەماو هەنگاوەکانی پەروەردەکردنی منداڵان**

**یەکەم:بوارەکانی پەروەردەکردنی منداڵان**

لەگرنگترین بوارەکانی پەروەردەکردنی منداڵان:

١-پەروەردەی جەستەیی (التربیة الجسمیة)

پرۆسەیەکە کە ئامانجی شارەزابوونە لەو هێزە ئۆرگانیانەی کە لە مستەی منداڵدا هەیە کە کۆنتڕۆڵی پێنج هەستەکە دەکەن(بینین،بیستن،تامکردن،بەرکەوتن ،بۆنکردن)ئەمانەش دەبنە بنەمای هێز بۆ ئەنجامدانی جوڵەی سادە وەک گرتنی شەکان و بازدان و سەرکەوتن و ڕاکردن بەشارەزایی و لێهاتوویەوە.(الطحان،٢٠٠٦، ص٥٩) هەروەها پەروەردەی جەستەی بریتییە لە پرۆسەی ئامادەکردنی منداڵ بەشێوەیەکی تەندروست لە ڕێگەی دابینکردنی چاودێری تەندروستی تەواوی ژیانی منداڵ و پاراستن و پەرەپێدان و گەشەکردنی وزە جۆراوجۆرەکانی جەستە،هەروەها گرنگیدانی دایک و باوک بە چاودێریکردنی منداڵ لە ڕووی جەستەییەوە لە پێناو دابینکردنی ژیانی داهاتوو بۆ منداڵ.هەروەها لەسەر دایک و باوک پێویستە چاودێری منداڵەکانیان بکەن لە کاتی قسەکردن و دانیشتن و جوڵەو خەوتن و وەستان و خواردن و خواردنەوە و هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە جەستەی منداڵەوە هەیە.چونکە پەروەردەی جەستەی یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی چاودێری تەندروستی بۆ جەستەو دەروون و ڕۆح..وە باشترین قۆناغ بۆ بنیادنانی جەستەیەکی تەندروست قۆناغی منداڵییە کە زۆربەی ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەر شانی مرۆڤ پێویستی بە جەستەیەکی تەندروستە لەوانە کارکردن.ئەمە جگە لەوەی لەسەر دایک و باوک پێویستە چاودێری منداڵەکانیان بکەن بۆ ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پابەندی یاساکانی تەندروستی بن و پێی ڕابێن،لەوانە ڕاهێنانی وەرزشی و دورکەوتنەوە لە تەمبەڵی و بێزاری. .(الطحان،٢٠٠٦، ص٥٩)

٢-پەروەردەی کۆمەڵایەتی (التربیة الاجتماعیة)

بریتییە لە پەروەردەکردنی منداڵ لە تەمەنێکی بچوکەوە لەسەر پابەندبونیان بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە،واتە گۆڕانی منداڵ لە بونەوەرێکی زیندوو بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.هەروەها پەروەردەکردنی

کۆمەڵایەتی واتە دیسپلینکردنی منداڵ لە تەمەنێکی بچووکەوە بۆ پابەندبوون بە نەریت و ئادابە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ئەوەی منداڵ بەرەفتاری گونجاو هاوسەنگی ئەقڵی لە کۆمەڵگەدا دەربکەوێت.(الزهيری،٢٠٠٥،ص ٦٠).

٣-پەروەردەی دەروونی (التربية النفسية)

مەبەست لێی هاوسەنگی دەرونی و کەسی و هەڵچوونەکانە،وەڵامدانەوەی هەموو ئارەزووە دەرونی و سۆزدارییە و ویژدانیەکانە.لەوانە ڕاشکاوی،بوێری،خۆشەویستی،چاکە بۆ ئەوانی ترو دیسپلین.کەواتە لەسەر دایک و باوک پێویستە بنەمای تەندروستی دەروونی لە ناو منداڵدا بچێنن تا ببێتە خاوەن ژیرییەکی پێگەیشتوو و بیرکردنەوەی تەندروست و ڕەفتاری هاوسەنگ.ئەم بوارەی پەروەردەکردن ئیش دەکات لەسەر ئەوەی کە دایکان و باوکان کار بکەن بۆ ڕزگارکردنی منداڵ لە ترس و شەرم و هەستکردن بەکەمتەرخەمی و ئیرەیی و تورەیی،چونکە منداڵ دەبێت هەر لەسەرەتایی تەمەنییەوەپەروەردەبکرێت لەسەر باوەڕبەخۆبوون و پەروەردەکردن.(يالجن،بدون سنة طبع، ص٨٥).

٤-پەروەردەی ئەقڵی (التربية العقلية)

ئاماژەیە بۆ گەشەی ئەقڵ وزیادبونی توانا ئەقڵی و ئیدراکییەکان،ئەم بوارەی پەروەردەکردن دەبێتە هۆی زیادبوونی سامان و سەرمایەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە.ئەقڵ بەواتای هێزی هەستپێکراو لە مرۆڤدا دێت کە خودا پێئی بەخشیووە و بەرپرسیارە لە کارەکانیمرۆڤ و جیاکردنەوەی ڕاست لە ناڕاست وچاکە لە خراپەوجوان لە ناشرین. (يالجن،بدون سنة طبع، ص٨٥).

پەروەردەی ئەقڵی جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی بیرکردنەوە و خەیاڵکردنەوە و هانی دایک و باوک دەدات بۆ یارمەتیدانی مناڵ بە بیرکردنەوە و خەیاڵ دروستکردن و داهێنان و سەرقاڵکردنی منداڵ بە بابەتە سودبەخش و بەبایەخەکان و فێرکردنی چۆنیەتی بیرکردنەوە بەشێوەیەکی ئەرێنی وزیرەکانە و ڕێنماییکردنی بۆ بەکارهێنانی ڕێگاکانی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی خۆی هەروەها فراوانکردنی یادەوەری و هۆشیاری و ئاگایی لە واقیعی دەوروبەری.(الطحان،٢٠٠٦، ص٦٦-٦٧).

پەروەردەکردنی ئەقڵی بەرەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە فەراهەم دەبێت:

ا-پاراستنی ئەقڵ لە هۆکارەکانی نەخۆشی ئەقڵی و دواکەوتوی ئەقڵی.

٢-پەرەپێدانی توانا ئەقڵیەکان لە قۆناغەکانی پەروەردەکردنی منداڵدا.

٣-ڕاهینانی ئەقڵ لەسەر میتۆدی بیرکردنەوەی لۆژیکی بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان.

٤-پەرەپێدانی بیرکردنەوەی زانستی و داهێنەرانە.(يالجن،٢٠٠٣، ص٧٤-٧٥)

کەواتە لە کۆی ئەمەوە دەتوانین بڵێین پەروەردەکردنی ئەقڵی ڕێگایەکە بۆ ئاڕاستەکردنی ئەقڵی منداڵ بۆ بینینی ڕاستیەکان و گەیشتن بە زانیارییەکان و جیاکاریکردن لە نێوان ڕاست و ناڕاست و چاکەو خراپە.

٥-پەروەردەی ڕوحی (التربية الروحية)

ئەم بوارەی پەروەردەکردن کاریگەری زۆری هەیا لەسەربونیادی کەسێتی منداڵ،کە لەسەرەتای بونیادی بیروباوەڕو پەرستش و پەیوەندی منداڵ بەخوداوە دەست پێدەکات،خێزانیش ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەسەر پەروەردەکردنی روحی منداڵ و فێرکردنی پەرستشەکان و ئەوەی کە پێویستە بۆ نزیکبونەوەی لە خودا،دواجاریش فێربونی جیاکاری لە نێوان چاکەو خراپەو ڕێگەپێدراو ڕێگەپێنەدراو.(یالجن،بدون سنة طبع، ص٢٤١)

پەروەی روحی ئێش لەسەر سێ بنەما دەکات:

ا-بڕوابوون (العقيدة):واتە بڕوابوون بە خوداو فریشتەکان و پەیامبەری خوداو و ڕۆژی دوایی و قەدەرو خێرو شەڕ،کە ئەمەش دەبێتە هۆی چاندنی هەندێ خەسڵەتی مرۆیی و کۆمەڵایەتی وەکو (قوربانیدان،خۆشەویستی،سۆزو بەزەیی،هاوکاری،تەقوا.

ب-پەرستش(العبادة):پێک دێت لە پەروەردەکردنی منداڵ و خوگرتنی بە ئەنجامدانی ئەرکە ئاینییەکان لەوانە نوێژەکان لەکاتی خۆیدا و چاکەکردن و بەڕۆژووبون لەکاتی ڕەمەزان.

ج-کردەوەکان(الاعمال):بریتییە لە پابەندبوونی منداڵ بە ڕەوشت و ئادابە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەردانیکردنی کەسە نزیکەکان و ڕێزگرتنی دراوسێ لە ڕێگەی ئەم بنەمایەوە منداڵ فێری ئەم ڕەوشتانە دەبێت بەبێ بەکارهێنانیتوندوتیژی و سزا،چونکە قۆناغی منداڵی قۆناغی ڕاسپاردن نییە قۆناغی ئامادەکاریی و ڕاهێنان و خوگرتنە بە ئاداب و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکانەوە.(الطحان،٢٠٠٦، ص٣٢٧)

لە گرنگترین هەنگاوەکانی پەروەردەی روحیش بریتین لە:

ا-ئاڕاستەکردنی منداڵ بۆ هەستکردنیان بە پێویستییان بە خودا لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا.

ب-هۆشیارکردنەوەی منداڵان سەبارەت بە پەروەردەو ژیانی ڕوحی و گرنگییان لە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

ج-پاکردنەوەی دەروون و ڕۆح لە هەموو خراپەو نیاز و ئامانجێکی خراپ.

ء-ڕاهێنانی دەروون لەسەر خواپەرستی بە مەیل و ئارەزووی خۆی.

ه-ئەنجامدانی ڕاهێنان بە منداڵ بۆ یادکردنەوەی خودا سەبارەت بەو نیعمەت و بەخشینانەی کە خودا پێی داون هەروەها ئاگادارکردنەوەیان لە بەهاکەی

و-ئەنجامدانی ڕاهێنانی روحی و گفتوگۆی شێوازە پەروەردەییە ڕوحیەکان.(یالجن،بدون سنة طبع، ص٢٤٢)

شەشەم:پەروەردەی سێکسی (التربية الجنسية)

پەروەردەی سێکسی یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی پەروەردەکردنی منداڵان کە پێویستە گرنگی پێبدرێت،ئەم بوارەی پەروەردەکردن بریتییە لە گرنگیدان بە جێنەجێکردنی بنەماو شێوازە دروستەکان،پەرەپێدانی غەریزەی سێکسی بەرەو گەشەکردنی کەسایەتی سێکسی منداڵ بۆ ئەوەی لە ساڵانی دواتردا بەلاڕێدا نەچێت،چونکە ئەگەر منداڵ لەناو خێزاندا بە باشی پەروەردە نەکرێت کێشە بۆ ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگەش دروست دەکات،بۆیە پێویستە منداڵان فێری کارامەیی بکرێن بۆ ئەوەی بڕیاری دروست سەبارەت بە ئارەزووی سێکسی خۆی بدات و بارودۆخە

مەترسیدارەکان بناسێتەوە،تا لە ئەگەری دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان بتوانێت خۆی ڕزگار بکات..هەروەها پەروەردەی دروست سەبارەت بە تەندروستی سێکسی ئەنجامێکی بەسوودی بۆ تاکەکان دەبێت،وەک زیادکردنی متمانەبەخۆبوون،ڕازیبوون لە ژیان،ڕێزگرتن لە خوود و کەسانی دیکە،گەشەکردنی تەندروست،گەشەکردنی سێکسی و لە هەمووی گرنگتر بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی تەندروست،هەروەهاپشتگوێخستنی پەروەردەی سێکسی لەلایەن دایک و باوکەوە زەمینە بۆ چەندین ئاڵۆزی و کێشە دروست دەکات،کە تەندروستی سێکسی دەخاتە مەترسییەوە و دەبێتە هۆی زوو باڵغبوون لە منداڵاندا.(سەعیدی،٢٠٢٣،ل ١)

پەروەردەی سێکسی بە سێ قۆناغی جیاوازدا تێپەڕدەبێت:

قۆناغی یەکەم:بریتییە لە ناساندنی خۆت وەک کوڕیان کچ

قۆناغی دووەم:قبوڵکردنی خۆت و ڕەگەزەکەت.

قۆناغی سێیەم:شانازیکردن بە ڕەگەزەکەتەوە.(سەعیدی،٢٠٢٣،ل ٢)

کەواتە لەمەوە دەتونین بڵێین پەروەردەکردنی سێکسی یەکێکە لە پێداویستیەکانی داهاتوی منداڵ،زۆر گرنگە دایک یان باوک لە کاتی منداڵیدا گرنگی بەم غەریزەیە بدەن،چونکە پەروەردەی سێکسی پرۆسەیەکە لە لەدایک بونەوە تا مردن بەردەوام دەبێت،ئەم بوارەی پەروەردەکردن بابەتێکی هاوبەشە کە بەتەنها خێزان (دایک و باوک) لێی بەرپرس نین،بەڵکو دامو دەزگا جۆراوجۆرەکانی وەک میدیا و قوتابخانەو پێویستە ڕۆڵی گرنگ بگێرن،لە کاتێکدا ئەگەر دایک و باوک بەهۆی کەمی زانیارییەوە نەیانتوانی ڕۆڵی خۆیان لە پەروەردەکردنی سێکسی منداڵدا بگێرن دەبێت ئەوان قەرەبووی بکەنەوە.

**دووەم:بنەماکانی پەروەردەکردنی منداڵ**

لە گرنگترین بنەماکانی پەروەردەکردنی منداڵ ئەمانەن:

١-ڕێزگرتن:نهێنی سەرکەوتنی هەموو پەیوەندییەک بریتییە لە ڕێزگرتن لەیەکتری،بۆیە پێویستە بەڕێزەوە قسە لەگەڵ منداڵدا بکرێت لەهەر ژینگەیەکی جیاوازدا بێت.

٢-گوێڕایەڵی:سروشتی مرۆڤ بەشێوەیەکە سەرکێشە حەز بە شکاندنی یاساو ڕێنماییەکان دەکات لەبەر ئەوە دەبێت بە شێوەیەک پەروەردەی منداڵ بکرێت ڕێز لە بەرامبەرەکانی بگرێت و هەندێک جار پاداشتی بدرێتەوە تاوەکو ڕابێت لەسەر گوێڕایەڵی.

٣-ئەدەب:یەکێک لە بنەما گرنگەکانی پەروەردەکردن کە پێویستە بەهەند وەربگیرێت و منداڵی لەسەر پەروەردە بکرێت نواندنی ئەدەبە بەرامبەر دەوروبەری.

٤-بەرپرسیارێتی:ئەمەش بەهایەکی بەرزە پێویستە بەپێی تەمەنی منداڵ فێر بکرێت،سەرەتا لە کۆکردنەوەی یارییەکانیەوە،دواتر فێرکردنی چۆن جل و بەرگی کۆبکاتەوەو ددانەکانی خاوێن بکاتەوە،واتە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی بەرپرسیارێتییەکانی بۆ دیاری بکرێت.

٥-بونیادنانی هاوڕێیەتی:پێویستە دایک و باوک ڕێگە بدەن بە منداڵەکانیان تێکەڵ بە کۆمەڵگە بن و بونیادی هاوڕێیەتی بنێن،بەڵام پێویستە کەسەکان نامۆو جێی گومان نەبن.

٦-لێبوردەیی:پێویستە منداڵ فێری ئەوە بکرێت چۆن لێبوردنی هەبێت بەتایبەتی بەرامبەر کەسانی لەخۆی گەورەتر و لەوکاتەی دەکەوێتە هەڵەیەکەو دان بەهەڵەکەیدا بنێت.(قەرەچەتانی،٢٠٢٠،ل١)

**سێیەم:هەنگاوەکانی پەروەردەکردنی منداڵان**

**لە گرنگترین هەنگاوەکان کە پێویستە لە کاتی پەروەردەکردنی منداڵاندا لەبەرچاو بگیرێت ئەمانەن:**

١-پیاهەڵدان و هاندان

هەنگاوێکی کاریگەرە لەسەر کەسێتی منداڵ بۆ هەستکردن و فێرکردنی بە باوەڕبەخۆبوون و ڕازیبوون و خۆشەویستی و هاندانی بەشێوەیەکی تەندروست بەتایبەت لە کاتی ئەنجامدانی کارێکدا یان هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا بۆ نموونە لە کاتی کۆششی منداڵەکە بۆ وانە زانستییەکانی.

٢-ئارامگری

پێویستە بە کردەوە پیشانی منداڵ بدرێت کەتۆ چەندە ئارام گریت تاوەکو ئەویش لە تۆوە فیری ئارام گرتین بێت،چونکە سەختە منداڵ فێری ئارام گرتن بێت ئەگەر لە ژینگەیەکی خاڵی لە دان بەخۆداگرتن ژیان بکات.

٣-باوەڕو ڕاستگۆی و هەق بێژی

دروستکردنی ژینگەیەکی پڕ باوەڕو ڕاستگۆیی بۆ منداڵ هۆکارە بۆ فێربون و پەروەردەکردنی منداڵ لەسەرڕاستگۆیی و دادپەروەری

٤-گرنگیدان بەهەستەکانی و لەبەرچاوگرتنی ،هۆکارە بۆ فێرکردنی منداڵ بۆ ڕێزگرتن لە کەسانی دەوروبەری.

٥-بەشداریپێکردن

پێدانی ڕۆڵی بەشداریپێکردن بە منداڵ لەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی،کاردانەوەی لەسەر ژیانی دەبێت و دەبێتە هۆکارێک بۆ فێربوونی منداڵ لەسەر بەخشین وبەخشندەیی.

٦-دورکەوتنەوە لە تاوانبارکردن و لێپرسینەوە

زۆر تاوانبارکردنی منداڵ و لێپرسینەوەی(هەمیشە تاوانبارکردن)وا لە منداڵ دەکات کە ڕاستییەکان بشارێتەوەو پەنا بۆ درۆکردن ببات.

٧-ترس و تەنهایی کۆمەڵایەتی

دورخستنەوەی منداڵ لە کۆمەڵگەو چواردەوری لەبەر هەر هۆکارێک بێت،واتە بۆ نمونە بەتەنها یاری کردن دورەپەرێزی هەموو ئەمانە فێری شەرم و بێدەنگی دەکات،هەر ئەم کردارانە لە داهاتودا فاکتەری سەرەکی دەبێت بۆ دروستبونی ڕارای و لاوازی دەروونی لە منداڵدا.

٨-دورکەوتنەوە لە توند مامەڵەکردن

پێویستەدایک و باوک دوربکەوەنەوە لە توند مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ چونکە ئەو جۆرە ژینگەیە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ دەبێت و فێری شەرم و ترسی دەکات.

٩-هەست بریندارکردن و شکاندنی

بونی ژینگەیەک بۆ منداڵ کە تیادا هەمیشە هەستەکانی بریندار بکرێت و تێکبشکێنرێت بە ووشە،ئەوا کاریگەری لەسەر تەواوی ژیانی دەبێت و دەبێتە هۆکارێک بۆ فێرکردنی منداڵ و پەروەردەکردنی لەسەر هەڵەشەیی و تورەیی

١٠-گرنگیدانی زیاد لە پێویست

بۆ پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر باوەڕ بەخۆبوون و پشت بەستن بە خۆی پێویستە لەسەر دایک و باوک دوربکەونەوە لە گرنگیپێدانی زیاد لە پێویست و ناتەندروست. (نیل،٢٠٠٦، ل٤١-٤٧).

**باسی چوارەم:شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ و کاریگەری لەسەر کەسێتییان**

شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ پێکدێت لە چەند شێوازێک لەوانە:

یەکەم:شێوازی دیموکراتی(الاسلوب الديموقرطى)

ئەم شێوازە بە یەکێک لە گونجاوترین شێواز و ڕێگاکان دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی پەروەردەیەکی تەندروستی منداڵان،وەک چۆن خۆی لە شێوازە پەروەردەییە نەگونجاوەکان دەپارێزێت و بنەماکانی تەندروستی دەروونی جێبەجێدەکات،لەئەنجامدا دەبێتە هۆی گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵ.(ابو جادو،٢٠٠٠،ص١٨).

ئەم شێوازە دوورە لە توندوتیژی و کاریگەرییەکانی لەسەر منداڵ و ئیرادەی منداڵ،بەمانایەکی دیکە ڕادەی توندی دایک و باوک سنوردار دەکات بەرامبەر بە منداڵ،دایک و باوک لەم شێوازەدا پشت بەدەسەڵات و هێزی خۆیان دەبەستن بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری منداڵ بە پێی ستانداردە تایبەتییەکانی ڕەفتار.لەم شێوازەدا دایک و باوک هانی منداڵ دەدەن بۆ گفتوگۆکردن و یارمەتیان دەدەن بڕیاربدەن ئازادانە بۆچوون و هەستی خۆیان دەربڕن.هەروەها ئەم شێوازە بە چەندین تایبەتمەندی دەناسرێتەوە لەوانە وەک لێبوردەیی،تێگەیشتن لە زمانی منداڵان و فێرکردنی شێوازی گفتوگۆی سەرکەوتوو،گەیاندنی پەیام و بیرۆکەکان،قبوڵکردنی ماڵەکان وەک خۆیان و هەڵەکانیان هەروەها دانانی پێوەر بۆ ڕەفتاری منداڵان کە گونجاو بێت لەگەڵ ئاستی تەمەنیاندا(الشربینی،٢٠٠٦،ص٤٧).

کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین بەسودوەرگرتن لەم شێوازە منداڵان زیاتر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە توانای گونجاندنیان دەبێت و ئەرێنیتر و بەرهەمدارتر دەبن ،باشتر دەتوانن ئامانجەکانیان بەدیبهێنن و کەمتر شەرمنگێز بن لەسەر خاوەنداریێتی،زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن و لەرووی سۆزدارییەوە جێگیرتر بن.چونکە ئەم شێوازە پشت بە گفتووگۆ دەبەستێت.

**دووەم:شێوازی قبوڵکردن (الاسلوب التقبل)**

ئەم شێوازە پێکدێت لە دەربڕینی خۆشەویستی و قەدرزانی بۆ بیروڕاو بۆچوونەکانی منداڵان و دەستکەوتەکانی و هەروەها وەڵامدانەوە بۆی و نزیکبوونەوە لێی،لەڕێگەی قسەکردن لەگەڵیداو شانازیکردن بە ڕەفتارە ئەرێنییەکانیەوەو هەڵگرتنی نازو خەمخۆری بۆ منداڵ و هەروەها ڕونکردنەوەی بابەتەکان بۆیی و ڕازیکردنی لەسەریان.(الشربینی،٢٠٠٦،ص٥٧)

شێوازی قبوڵکردن لەو خۆشەویستییەدا بەرجەستە دەبێت کە دایک وباوک بۆ منداڵەکانیان نیشانی دەدەن لە ڕێگەی گرنگیدان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان،هەروەها قبوڵکردنی منداڵ بەیەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تەندروست دادەنرێت،چونکە ئەو منداڵانەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە قبوڵکراون سەقامگیرو دڵنیاترن،هەر لەبەر ئەوەشە کە لە ڕووی سۆزدارییەوە قبوڵکردن(التقبل) بۆ گەشەکردنی کەسایەتی منداڵ زۆر گرنگە و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیەلەسەر دروستکردنی ڕەفتاری بونیادنەرانەو گەشەکردنی و هەروەها تێڕوانینی ئەرێنی بۆ ژیان لەتەمەنی گەورەییدا.( برکات،٢٠٠٠،ص٤٧)

واتە ئەم شێوازە لە قبوڵکردن و خۆشەویستی گرنگی دانی دایک و باوک بۆ منداڵەکەو کەسێتی و هەڵسوکەوتەکانی بەرجەستە دەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی بروابوونی منداڵ بە دەروونی خۆی و لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانرێت کاریگەری لەسەر کەسێتی منداڵ دروست بکرێت و ببێتە کەسێکی سەرکەوتوو کاریگەر لە داهاتودا.

**سێیەم:شێوازی نەرمونیانی(الاسلوب الحزم و المرونة)**

واتە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا بەشێوەیەکی هاوسەنگ کە بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی لە هەڵەکانی و هاندانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم شێوازە کاردەکات لەسەر نموونەی پێگەیشتوولە ڕەفتار(نماذج الناضجة من السلوك)کە فۆرمەکانی ڕەفتاری پەسەندکراو لە ژینگەدا لە خۆدەگرێت وەک(خۆشویستن و بەهەندوەرگرتن و قەدرزانینی خواستەکانی منداڵ و هاندانی بۆ گفتووگۆکردن و دەربڕینی ڕای خۆی.(الشربینی،٢٠٠٦،ص٧٩)

**چوارەم:شێوازی لێبوردەیی (الاسلوب التسامح)**

ئەم شێوازە کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر داهاتوی منداڵان و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان،چونکە لەم شێوازەدا منداڵان داواکارییەکانیان قبوڵدەبێت و دەتوانن هەر چالاکییەک کە حەزیان لێیە بە بێ فشار و کۆنترۆڵکردن پراکتیزەی بکەن،لەم شێوازەدا دایک و باوک بەرپرسیارێتی ڕەفتاری منداڵ لە ئەستۆ دەگرن کە پێویستی بە گۆڕان و دەستکاریکردن هەیە،بەم شێوەیەش دەرفەت دەبەخشرێتە منداڵ کە پشت بە خۆی و کەسایەتی سەربەخۆی خۆی ببەستێت.کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم شیوازە زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر پشتڕاستکردنەوەی ڕەفتارە دروستەکانی منداڵ و پەرەپێدانی متمانەبەخۆبوون.(الانصاری،٢٠٠٠،ص٧٩). کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین کە شێوازی لێبوردەیی پشت دەبەستێت بە لێبوردنی دایک و باوک بەرامبەر بەو ڕەفتارانەی کە منداڵ ئەنجامی دەدات بۆ نموونە کاتێک منداڵ ڕەفتارێکی هەڵە ئەنجام دەدات پێویستە دایک و باوک ئەو هەڵەیە بۆ منداڵەکە ڕونبکەنەوەو وای لێبکەن دوبارەی نەکاتەوە،واتە بەشێوازێکی لێبوردەییانە ئەو هەڵەیە وەربگرن دوور لە هەڵچوون و هەڵەشەیی.

**پێنجەم:شێوازی قبوڵکردنی تاکایەتی و سەربەخۆیی**

بریتییە لەو شێوازەی کەتاکایەتی و سەربەخۆیی قبوڵدەکات،هەروەها پێدانی پلەیەک لە ئازادیی بە منداڵ بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی بەبێ ئەوەی بچێتە ژێر کاریگەری ئاڕاستەیەکی دیاریکراوەوە یان بەزاندنی یاسا و ڕێساکان کە لەسەری ڕێکەوتوون،هەروەها زانیاری پێدان بە منداڵ سەبارەت بە مەیلەکانی و ئەنجامی ڕەفتارەکانی و ئاگادارکردنەوەی لێیان.(الشربینی،٢٠٠٦،ص٨٤).

هەروەها زانینی توانای منداڵ و جیاوازییەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا خاڵێکی گرنگە چونکە منداڵ بە پێی ئەو قۆناغە تەمەنەی کە پێیدا تێپەڕ دەبێت پێویستە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت نەک وەک گەورە ساڵانێک،ئەمەش پێویستی بە زانینی تایبەتمەندییەکانی منداڵ هەیە لەهەموو قۆناغێکدا و هەروەها تێگەیشتن لە پێداویستییەسروشتییەکانی و پاڵنەرە دەرونیەکانی بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارەکانی لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا.(برکات،١٩٧٧،ص٤٣)

قبوڵکردنی تاکایەتی شێوازێکە بۆ مامەڵەکردنی ئەرێنی دایک و باوک کە درکی پێدەکەن و جۆرێکە لە بەخشین ئیلهام بە ڕوحی منداڵ چونکە پێدانی سەربەخۆیی بە منداڵ گرنگە بۆ متمانەبەخۆبوونی لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی خۆشەویستی،پشتگوێخستن،زیادەڕۆیی لە کۆنترۆڵکردن و سنوردارکردنی منداڵ دەبێتە هۆی ئازاردانی و سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێ و ململانێ و ناتەبایی لە منداڵدا لەساڵانی دواتری ژیانیدا،ڕەنگە گونجاوترین شێوازی پەروەردەکردنی دایک و باوک ئەو شێوازە بێت کە قبوڵکردن لەگەڵ سەربەخۆیی تێکەڵبکات،ئەم ئاڕاستەیەش دەبێتە هۆی دروستبوونی متمانە بەخۆبوون و کۆمەڵایەتیکردن.(زغبیە،١٩٩٧.ص٥٧). کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین ئەم شێوازە یارمەتی منداڵ دەدات کە پشت بە خودی خۆی ببەستێت لە بڕیارداندا‌و هەروەها قبوڵکردنی دەرئەنجامەکەشی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیش کە ڕووبەڕوی دەبێتەوە.

**شەشەم:شێوازی یەکخستنی ئەرێنی (الاسلوب الاندماج الایجابی)**

ئەم شێوازە بریتییە لە تێکەڵکردنی کەسایەتی دایک و باوک لەگەڵ خۆیان و ڕەفتاری منداڵەکەدا لەڕێگەی ستایشکردنی کارەکانی منداڵ و زۆر مامەڵەکردن لەگەڵیدا بە میهرەبانی و نەرمونیانی.(شعبان،١٩٩٩،ص٦٨)

ئەم شێوازە نزیکە لە شێوازی قبوڵکردنەوە لە ڕێگەی دەربڕینی خۆشەویستی و ئاسایش و دڵنیاکردنەوەو ستایشەوە،کە ئەمەش وا دەکات منداڵەکە هەست بکات نزیکە لە دایک و باوکییەوە و چێژ لە خۆشەویستی و سۆز و متمانەیان وەربگرێت و لە داهاتوودا ببێتە ئەندامیکی سوودبەخش بۆکۆمەڵگەکەی و ئەرک و مافەکانی خۆی بزانێت.

**حەوتەم:شێوازی پاداشت و سزا(الاسلوب الثواب و العقاب)**

بەیەکێک لەو شوازە گرنگەکانی پەروەردەکردنی منداڵ دادەنرێت کە دایک و باوک پشتی پێدەبەستن،هەروەها بەکارهێنانی شێوازی پاداشت لەگەڵ منداڵدا دەبێتە هۆی فێربونی خێراترو کاریگەرتر،بۆ نموونە کاتێک منداڵ ڕەفتارێکی ئەرێنی یان ئەرکێک لەناو خێزاندا ئەنجامدەدات ئەوا بەکارهێنانی شێوازی پاداشت کاریگەری زۆرتر جێدەهێڵێت لەسەر ڕەفتارو کەسێتی منداڵەکەو زیاتر هانی دەدات،بۆ نموونە وەکو ستایشکردن یان کڕینی دیاری بۆی،بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە ئەگەر منداڵەکە خەریکی ڕەفتاری نەخوازراو بو وەک(درۆکردن،دزیکردن،هاوکاری نەکردنی لەگەڵ خێزان)لەم دۆخەدا پێویستە دایک و باوک میتۆدی سزا بەکاربهینن بۆ نموونە وەک داوای لێبوردنکردن ، سەرزەنشتکردن،پچڕان

sjh@univsul.edu.iq

یان لێدان(لێدانی تەندروست)بۆ ئەوەی نیشانی بدرێت کەرەفتارەکانی نادروستە و بەمەش ڕێگری لێدەکرێت بەوەی لەداهاتوودا ئەو ڕەفتارە نەخوازراوانە دوبارە بکاتەوە.(الحسن،٢٠٠٢،ص٦).

کەواتە لەمەوە دەتوانین بڵێین لە ڕێگەی شێوازی پاداشت و سزادانەوە دەتواندرێت کەسایەتییەکی بەهێز بۆمنداڵ دروستبکرێت،وەئەم شێوازە پێویستی بە ئارامی وخۆڕاگری دایک و باوک هەیە تا منداڵەکە لەسەری ڕادێت.ئەم شێوازە لە ژینگەیەکی خێزانی تەندروستدا جێبەجێدەکرێت و بەوهۆیەوە متمانەو خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ منداڵەکە فەراهەم دەبێت و بەهۆیەوە ڕێز لە تاکایەتی منداڵ دەگیرێت و گرنگی پێدەدرێت و هانی دەدرێت و یارمەتیدەدرێت بۆ متمانەکردن بە خودی خۆی و تا لە ژیانی داهاتودا سەرکەوتوو باڵاتر بێت.

کەواتە لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین  کە پەروەردەکردنی منداڵ چەندین شێوازی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت کە دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت سەبارەت بە پەروەردەکردنی منداڵان و دیاریکردنی پێداویستییەکانی منداڵان لە ڕێگەی ئاشنا بوون و گرنگیدان بەو شێوازە جۆراو جۆرانەو کاریگەرییان لەسەر کەسایەتی منداڵ و تەندروستی دەروونی و هاوسەنگی سۆزدارییان دەبێت و پێویستە دایک و باوکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانیان بەکاریبهێنن .

**باسی چوارەم:خستنەڕووی ئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان**

**یەکەم:ئەنجام**

پەروەردەکردنی منداڵان و شێوازەکانی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە زۆرترین بایەخی لەلایەن پسپۆڕانی کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و پەروەردەوە پێدەدرێت،چونکە پەروەردەکردن بەردی بناغەی بونیادنانی کەسێتی منداڵە.ئەمەش بەهۆی کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەو کەسایەتی منداڵان و بونیادنانی تواناو لێهاتووییەکانی و بەهاو خۆگونجاندنیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا،هەربۆیە زۆر بەوردی تیشکیان خستۆتە سەرگرنگترین شێوازە جۆراوجۆرەکان و شیکردنەوەیان بۆ کردووە بە ئامانجی فەراهەمکردنی پەروەردەیەکی دروست و گونجاو،بونیادنانی کەسێتییەکی تەندروست بۆ منداڵان،چونکە پەروەردەیەکی دروست و کاریگەر دەتوانێت بەهای زیادە بۆ منداڵ و خێزانەکان دابین بکات،سەرەرای ئەوەی کە گرنگی دان بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی  پەروەردەکردن و پەیرەوکردنیان بنەمایەکی گرنگە لە پەروەردەکردنی منداڵاندا،پسپۆڕانی بواری پەروەردە جەختیان لەوە کردۆتەوە کە باوک و دایکی ئایدیاڵ(نموونەیی)نیە،کێشەو هەڵە بە دڵنیاییەوە ڕوودەدەن بەڵام پابەند بوون بە شێواز و بنەما سەرەکییەکانی پەروەردەکردن دەبێتە هۆکاری ڕێنموێنیەکی تایبەت کە یارمەتی دایک و باوک دەدات لە ئەرکی پەروەردەیی خۆیاندا،هەربۆیە پەیرەوکردنی شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردن و بناغە زانستییەکان کە ڕێنماییان دەکەن بۆ یارمەتیدانی منداڵەکان بۆ سەربەخۆی زیاترو متمانەبەخۆبوون،جگە لەوەی فێری گرنگی یاساو سنورەکانیان دەکات لە پرۆسەی ڕێکخستن و گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە ژیانیاندا،لە گرنگترین ئەو شێوازانەش بریتین لە گرنگیدان بە منداڵ وچاندنی بیروباوەڕی دروست و بیرۆکەو بەها ئایدیاڵیەکان تیایدا،هەروەها بەهێزکردنی باوەڕبەخۆبوون لای منداڵ و پەروەردەکردنی منداڵ بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕاهێنانیان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەو نیستیمانەکەیان و دابینکردنی ئەزموون و زانیاری بۆ منداڵ کە لەگەڵ تەمەنی خۆیدا بگونجێت بۆ ئاشنابوون بە بنەما سەرەکییەکانی پەروەردەو زانست و ڕۆشنبیری،هەروەها پەرەپێدانی لێهاتووی و توانا دەرونیەکانی ،منداڵ و ئەنجامدانیان بە ڕێنمایی و دیسپلین هەموو ئەمانەش کاریگەری ڕاستەوخۆو ئەرێنییان دەبێت لەسەر کەسێتی منداڵ.

sjh@univsul.edu.iq

**دووەم:ڕاسپاردەو پێشنیار**

١-پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرجەم ئەو وەزارەت و دامەزراوەو ڕێکخراوانەی تایبەتن بە منداڵان هەوڵبدەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تواناو  لێهاتووی و کەسێتی منداڵان،بە گرنگی دان بەخستنەڕووی گرنگی و ئامانج و بنەماو شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵان .

٢-هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکان لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە لە ئاست تێگەیشتن لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردنی منداڵ و کاریگەرییان لەسەر بەهێزکردنی کەسێتییان.

٣-پەرەپێدانی سستمەکانی پەروەردە و فێرکردن،بە شێوەیەک ڕۆڵی هەبێت لە بەهێزکردنی کەسێتی و تواناکانی تاکدا بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی.

٤-گرنگی دان بەلایەنی ڕۆشنبیری و دروستکردنی بەهای ڕۆشنبیری سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەکردنی منداڵان و کاریگەری لەسەر کەسێتییان.

٥-ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی تر لەسەر بابەتی پەروەردەکردنی منداڵ و و خستنەڕووی کاریگەرییەکانی لەسەر کەسێتیان لە پێناوبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەدا.

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**


١-ابوجادو،محمد علی(٢٠٠٠):سیکولوجیه التنشیئة الاجتماعیة،ط١،دار المسیرة،عمان

٢-الیونیسیف (١٩٩٠):حقوق الطفل،الاردن.

٣-الوردی،علی(١٩٩٦):فی طبیعة البشریه،الطبعة الاولی.

٤-الحسن،احسان محمد(٢٠٠٢):علم الاجتماع التربوی،دار وائل للنشر و التوزیع،ط١،عمان،الاردن.

٥-الشربینی،زکریا(٢٠٠٦):تنشیئة الطفل و سبل الوالدین فی معاملته و مواجهة مشکلاته،دار الفکر العربی،القاهرة.

٦-الجسمانی،د.عبد علّی(١٩٨٤):علم النفی و تطبیقاته التربویة و الاجتماعیة،مطبعة الخلود،بغداد.

٧-الانصاری،سامیة(٢٠٠٠):علم النفس التربیة و الطفل،ط١،دار الراتب الجامعیة،لبنان.

٨-الطحان،مصطفی محمد(٢٠٠٦):التربیة ودورها فی تشکیل السلوک،ط١،دار الوفاء،الکویت.

٩-الزهیری،شریف عبدالعزیز(٢٠٠٥):بناء المستقبل للآمة،دار الصفوة،الریاض.

١٠-العسکری،عبود عبدالله(٢٠٠٤):منهجیة البحث العلمی فی العلوم الانسانیة، الطبعةالثانیة ،دار النمیر ، ،دمشق.

١١-القاسم،جمال و اخرون(٢٠٠١):مبادیء علم النفس،دار الصفاء للنشر و التوزیع،عمان.

١٢-بوريكو،بوردون وف(١٩٨٦):معجم النقد الاجتماعى،ترجمة سليم جبار،الطبعة الاولى،بيروت.

١٣-بركات،اسيا(٢٠٠٠):العلاقه بين اساليب المعاملة الواليه و الاكتئاب،رسالة ماجستير غير منشورة،جامعة ام القرى،السعودية.

١٤-بركات،محمد خليفه(١٩٧٧):علم النفس التربية و الاسرة،ط١،دار القلم،الكويت.

١٥-حسن،عبدالباسط محمد(١٩٨٢):اصول البحث الاجتماعى، ط٨. ،دار التضامن للطباعة.

١٦-زغبية،عمار(١٩٩٧):اساليب المعاملة الوالدية و علاقتها بالتوافق النفسى و الاجتماعى،رسالة ماجستير،جامعة الجزائر.

١٧-سويف،مصطفى(١٩٩٦):الاتزان الانفعالى محور من محاور الشخصية،مجله العربى.

١٨-شعبان،كاملةفرج(١٩٩٩):الصحة النفسية للطفل،ط١،دار الصفاء،عمان.

١٩-صحراوى،عبدالله(٢٠١٥):موجهات تربية المواطنة بالمدرس فى ضل التحولات المعاصرة بين المواطنة و الوطنية الخيارات المتاحة،مجلة تنمية الموارد البشرية،العدد الحادى عشر.

٢٠-عزت،د.عبدالعزيز(١٩٠٩):الجريمة و علم الاجتماع،الطبعة الثانية،القاهرة.

٢١-ليلة،على(٢٠٠٦):الطفل و المجتمع التنشيئة الاجتماعية و ابعاد الاجتماعى،المكتبة المصرية للطباعة و التوزيع،الاسكندريه.

٢٢-مارشال،جوردن(٢٠٠٠):علم الاجتماع،الطبعة الاولى،المجلد الثانى،مركز العربى-المصرى.

٢٣-منضور،ابن(١٩٩٩): القاموس المحيط لسان العرب،مجلد ١٤.

٢٤-محرم،خالد محمد(بدون سنة الطبع):بناء الشخصيه من خلال التربية الاسلامية.

٢٥-موحسينى،مەنوچێهر(٢٠٠٧):دەروازەکانی کۆمەڵناسی،وەرگێرانی ڕێبوار سیوەیلی و کۆمەڵێکی تر،چاپخانەی ئاراس،چاپی سێیەم،هەولێر.

٢٦- مغلى و سلامة و رداحة،د.سميع و د.عبدالحافض،ا فدوى(٢٠٠٢):التنشئة الاجتماعيه للطفل،دار البازورى العلمية للنشر و التوزيع،عمان،الاردن.

٢٧-محمد،زينب(٢٠١٥):استراتيجية لتعزيز التربية من اجل المواطنة فى المدرسة الحديثة،مجلةتنمية موارد البشرية،العدد الحادى العشر،وزارة التربية و التعليم،عمان.

٢٨-ناجى،عبدالفتاح(٢٠٢١):مبادىء تربية الطفل،طبعة الثانية،بيروت.

٢٩-يالجن،مقداد(بدون سنة طبع):جوانب التربية الاسلامية،ط١،دار عالم الكتب،السعودية.

٣٠-يالجن،مقداد(٢٠٠٣):اهداف التربية الاسلامية و غاياتها،ط٣،دار عالم الكتب،السعودية.

سەرچاوە کوردییەکان:

٣١-گیدنز،ئەنتونی(٢٠٠٣):کۆمەڵناسی،چاپی دووەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.

٣٢-نیل،ئا.ئێس(٢٠٠٦):پەروەردەکردنی منداڵانی ئازادو سەربەخۆ،وەرگێڕانی لە فارسییەوە وریا قادر،چاپی یەکەم،چاپخانەی سەردەم،سلێمانی.

سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:

٣٣-سەعیدی،ئاسو(٢٠٢٣):پێویستی پەروەردەی منداڵان لە لەدایک بوونەوە،

http.Jinhagency1.com/so/zhan/sd-38178 july 2023

٣٤-قەرەچەتانی،د.کریم شریف(٢٠٢٠):شەش بنەما بۆ پەروەردەکردمی منداڵان.

http.www.parwarde.net 29-2-2020

٣٥-معطرانی،لاریسا(٢٠٢٢):کیف تربی اطفالک،الیک اهم اسالیب التربیة الایجابیة غیر المباشرة للأبناء

Aljazeera.net/women

**Abstract**

This research is an analytical theoretical study in Sulaimani, as education is one of the main issues in today's world and an effective tool for changing and developing children's personality, as well as a way to protect society's values and standards It is also a major requirement for child development, so paying attention to child rearing methods is an important issue in the social life of society, and child rearing is the most sensitive process of creating and raising children that requires high skills The most favorable mental environment and the most material and human capacity for the process is prepared, as well as taking into account the mental, physical and mental state in the process of raising children are the main conditions for the success of the process. In view of this fact, in light of the importance of the subject, we felt it necessary to conduct research on child rearing methods to show the most important methods and their impact on children's personalities

The most important objectives of the study are to try to conduct a theoretical analysis of the methods of child education and also to try to present the most important areas, principles and steps of child education and present the effect of different methods of education on children's personalities

One of the most important findings of the study is that the use of different methods of education affects children's personalities, because healthy education using different methods

can provide additional value to children and help guide parents in fulfilling their educational duties, and this helps It gives children a sense of independence and self-confidence and has a direct impact on their personality

Keywords (Education, Child, Child Rearing, Influence, Personality)

**ملخص**

يُعدّ هذا البحث دراسة تحليلية نظرية في السليمانية، إذ تُعتبر التربية من أهم قضايا العالم المعاصر، وأداة فعّالة لتغيير شخصية الطفل وتطويرها، فضلاً عن كونها وسيلة لحماية قيم المجتمع ومعاييره. كما أنها تُشكّل مطلباً أساسياً لنمو الطفل، لذا فإن الاهتمام بأساليب التربية يُعدّ مسألة بالغة الأهمية في الحياة الاجتماعية. وتُعتبر التربية عملية حساسة للغاية في تكوين الأطفال وتنشئتهم، تتطلب مهارات عالية، وتوفير بيئة نفسية ملائمة، وأقصى قدر من الإمكانيات المادية والبشرية اللازمة، فضلاً عن مراعاة الحالة النفسية والبدنية للطفل خلال عملية التربية، وهي شروط أساسية لنجاحها. انطلاقًا من هذه الحقيقة، ونظرًا لأهمية الموضوع، رأينا ضرورة إجراء بحث حول أساليب تربية الأطفال، بهدف إبراز أهم هذه الأساليب وتأثيرها على شخصياتهم.

تتمثل أهم أهداف هذه الدراسة في محاولة إجراء تحليل نظري لأساليب تعليم الطفل، بالإضافة إلى عرض أهم مجالات ومبادئ وخطوات تعليم الطفل، وبيان أثر مختلف أساليب التعليم على شخصيات الأطفال.

ومن أهم نتائج الدراسة أن استخدام أساليب تعليمية متنوعة يؤثر على شخصيات الأطفال، إذ أن التعليم السليم باستخدام أساليب مختلفة يُضيف قيمة للأطفال، ويُساعد الآباء على أداء واجباتهم التربوية، مما يُعزز شعور الأطفال بالاستقلالية والثقة بالنفس، وينعكس ذلك بشكل مباشر على شخصياتهم.

الكلمات المفتاحية: (التعليم، الطفل، تربية الطفل، التأثير، الشخصية)